2331
مجلة إكليل للدراسات الانسانية
التصنيف الورقي: العدد 23 /ايلول/2025
المجلد(6)- العدد(3)-الجزء(3) IASJ-Iraqi Academic Scientific Journals

# شیکارکردنی ڕادەی گونجانی پرۆگرامەکانی زمانی کوردی لە قۆناغی ئامادەیی لەگەڵ پێویستی کارامەییەکانی سەدەی بیست و یەك لەبەررۆشنایی و اقیعی پەروەردەیی

م.ی. علاء حبيب لطيف جاسم
کۆلێژی پەروەردەی المقداد- زانکۆی دیالە

**وشە کلیلییەکان:** پرۆگرامەکان، زمانی کوردی، کارمەییەکانی سەدەی بیست و یەك، بیرکردنەوەی ڕەخنەیی، چارەسەرکردنی کێشەکان

**پوختە:**

ئامانجی توێژینەوەکە زانینی راجەیگونجاوی پرۆگرامەکانی زمانی کوردییە، لەگەڵ کارامەییەکانی سەدەی بیست و یەك، هەروەها شیکارکردنی پرۆگرامەکانی ئێستا و دیاریکردنی ڕادەی تەواوەتی لەگەڵ کارامەییە نوێیەکان، توێژینەوەکە پەیرەوی ڕێبازی وەسفی شیکاری کردووە، توێژەر شیکاری ناوەرۆکی پرۆگرامەکانی زمانی کوردی بۆ پۆلی چوارەم و پێنجەمی ئامادەیی لە وەزارەتی پەروەردەی عێراقی کردووە، هەروەها توێژەر لیستی ڕاپرسی ئامادەکردووە، بەستەرێکی ئەلیکترۆنی بۆکردوە، ئەو بەستەرەی لەسەر پێگە فەرمییەکان دابەشکردوە و بڵاوکردووەتەوە، هەروەها ڕاپرسییەکەی ختووەتە بەردەستی کۆمەڵێك لە داوەان، ژمارەیان گەیشتووە بە 9 پسپۆڕ لە زانکۆ و کۆلێژەکان، بۆئەوەی دید و بۆچونیان سەبارەت بە گونجاوی و ڕوونی و دارِشتنی هەر برگەیەك و ڕادەی گونجاویان بۆ بواری خۆیان، ئەنجامی توێژینەوە مەیدانییەکە سەبارەت بە ئاگایی و درککردنی نموونەی توێژینەوەکەیە، بە ئاراستەی ڕادەی گونجاونی پرۆگرامەکانی زمانی کوردی لەگەڵ کارامەییەکانی سەدەی بیست و یەك،کاریگەری واتایە لەسەر ناوەرۆکی پرۆگرامەکانی خوێندنی زمانی کوردی هەیە، بە ڕێژەی 71.5% لە چاکترکردنی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی ڕەخنەی و چارەسەرکردنی کێشەکان دەگۆڕێت، هەروەها کاریگەری واتای بۆ پرۆگرامەکانی خوێندنی زمانی کوردی هەیە، ڕێژەی 80.2% لە چاکترکردنی کارامەیی هەرەوەزی و کاری بەکۆمەڵ دەگۆڕێت، هەروەها کاریگەری واتای لە پرۆگرامەکانی زمانی کوردی هەیە.. بە ڕێژەی 78.1% لە چاکتترکردنی کارامەییەکانی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا و کارمەییە ژمارەییەکان دەگۆڕێت، توێژینەوەکە ڕادەسپێرێت، پێویستە پرۆگرامەکانی زمانی کوردی دووبارە نەخشەبکێشرێنەوە، بۆئەوەی جەخت بکاتە سەر گەشەپێدانی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی و شیکارکردن و چارەسەرکردنی کێشەکان، لە بری پشت بەستان بە ئەزبەرکردن و خستنەڕوو.

مجلة إكليل للدراسات الانسانية
التصنيف الورقي: العدد 23 /ايلول/2025
المجلد(6)-العدد(3)-الجزء(3) IASJ-Iraqi Academic Scientific Journals

## پێشەکی:

سەدەی بیس و یەك پەرەسەندنی مەعریفی و تەکنەلۆژی خێرایی بەخۆیەوە بینی، پەرەسەندنەکان بە شێوەیەکی فراوان بەشداری لە گۆرانی جەوهەری لە سیستەمی پەروەردەیی و فێرکردن کرد، ئەو پرسە چەندین لە پەروەردەکاران و ئەوانەی گرنگی بە کاروباری فێرکردن دەدەن، پاڵنا داوای پێویستی پێداچوونە بەو سیستەمە بکەن، لەوانە بەدیهێنانی گونجاوی لەگەڵ پێویستەکانی سەردەمی ئێستا، بەوشێوەیە پەرەپێدانی سیستەمی فێرکردنی نوێ بوو بە پێوست، بۆئەوەی لەگەڵ ڕەوتی پەرەسەندنەکانی ئێستا بڕوات و بەشداری لە دەستەبەرکردنی ژینگەی فێرکردنی پاڵپشتی مامۆستایان بکات، هەروەها بارودۆخی گونجاو بۆ مامۆستایان دەستەبەربکات، بۆئەوەی ئەرکەکانیان جێبەجێبکەن، هەروەها جەخت دەکاتە سەر گەشەپێدانی کارامەیی خوێندکاران و پشتیوانیکردنی پرۆسەی فێربوونیان، لە ڕێگای پێدانی توانا و مەریفە، کە ئامادەیان دەکات بۆ بەردەوامبوون لە کاروانی ڕووبەڕووبوونەوەکانی داهاتوو، لەسەر بنەمای ئەو ڕەوتە چیتر فێرکردن تەنها کورتابێتەوە لەسەر گواستنەوەی زانیاریی و مەعریفە بە شێوەی کلاسیکی، بەڵکو پرسی گرنگیدان جەخت دەکاتە سەر بەدیهێنانی ئامانجە نوێیەکانی فێرکردن، کە پەیوەستە توانینی خوێندکار لە کارامەییەکانی ژیانی پێویست و پشتیوانیکردنی تواناکانیان لەسەر فێربوونی بەردەوام، لەگەڵ پێدانی کارامەییەکانی سەدەی بیست و یەك، کە دەرفەتی فراوانیان بۆ گونجان لەگەڵ گۆڕانکارییە خێراکان بۆ دەرەخسێنێت، هەروەها یارمەتییان دەدات، لەسەر داهێنا، هاوکات پاڵپشتی توانایان لەسەر کێبڕکێ لە بازاڕی کار دەکات، کە خۆی لە زیادبوونی پێویستیی پیشەیی و تەکنەلۆژی دەبینێتەوە. (علي، 2022).

لەگەڵ ئەو کۆششەی دەزگاکانی فێرکردن و پەروەردە لە پەرەپێدانی پرۆگرامەکانی زمانی کوردی و شێوازەکانی وتنەوەی دەیکەن، بەڵام ئەو پرۆگرامانە تاکو ئێستا گیرۆدەی هەندێك ناتەواویی دیارە، کە تواناکانی سنوردار کردووە، لەسەر بڕکردنەوەی پێویستی کارامەییەکانی سەدەی بیست و یەك، ئەگەرچی گۆڕانکاری جۆری و چەندایەتی لە سیستەمی فێرکردن کراوە، بەڵام تاکو ئێستا ڕێگا کلاسیکییەکانی وانەوتنەوە بەردەوامە، بوە بە هۆی لاوازی کارلێککردنی خوێندکار لەگەڵ ناوەرۆکی فێرکردن و دابەزینی ئاستی دەستکەوتی ئەکادیمیان، هەروەها فرامۆشکردنی بونیادنانی ستراتیژییە نوێیەکانی وانەوتنەوە، کە دەتوانێت پاڵپشتی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی بکات، هەروەها کێشەکان چارەسەر بکات، هاوکات بەردەوامی بەشداریکردن لە بەردەوامبوونی بۆشایی نێوان ئەنجامەکانی فێربوون و پێویستییەکانی سەردەمی ژمارەی بکات، دیاردەی لاوازی لە بەدەستهێنانی

مجلة إكليل للدراسات الانسانية
التصنيف الورقي: العدد 23 /ايلول/2025
المجلد(6)- العدد(3)-الجزء(3) IASJ–Iraqi Academic Scientific Journals

کارامەییەکانی زمانی کوردی، بە تایبەتی لە لایەنی جێبەجێکردن، وەکو ڕێزمان و شیکاری زمانەوانی لەو کێشانەی کە ناتوانرێت فەرامۆش بکرێت دادەنرێت، زۆر لە خوێندکاران لە وەرگرتنی بونیادی ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبنەوە، ئەوە وادەکات لە گرنگیدان بەو بابەتە پاشەکشێ بکەن، پرسەکە تەنها لەسەر خوێندکاران کورت نابێتەوە، بەڵکو هەندێك لەو مامۆستایانەش دەگرێتەوە، کە لە جێبەجێکردنی شێوازەکانی وانەوتنەوەی نوێ پشت بە کارلێککردن و جێبەجێکردنی کرداری دەبەست ڕووبەڕووی ئاڵنگاری دەبنەوە، کە بە نەرێنی ڕەنگدانەوەی لەسەر کوالێتی پرۆسەی فێرکردن دەدبێت. (أحمد، 2022).

هەروەها وتنەوەی زمانی کوردی، نابێت تەنها لەسەر ئەزبەرکردنی ڕێساکان و تەلقین کورت بێتەوە، بەڵکو پێویستە ئامرازێك بێت بۆ گەشەپێدانی کارمەییەکانی بیرکردنەوەی شیکاری و هەڵهێنجن لەلای خوێندکار، لەگەڵ ئەو ڕاستیانە، ڕێگا کلاسیکییە پەیڕەوکراوەکان لە ئێستادا، ڕێگا بە مامۆستا دەدات، ڕۆڵی ناوەندی لە پرۆسەی فێرکردن ببینێت، هاوکات خوێندکار وەرگرێکی نەرێنی  مەعریفە دەمێنێتەوە، ئەوە هاودژە لەگەڵ ئاراستە و ڕێنماییە نوێیەکان، کە جەخت دەکاتە سەر فێربوونی چالاك و پاڵپشتیکردنی بەشداری کاری خوێندکار. کاتێك پرۆگرام پێویستی بە ستراتیژییەکانی وانەوتنەوەی پەرەسەندوە، کە پاڵپشتی کارامەیی گەڕان و دۆزینەوە و ئاماژەکردن دەکات، خوێندکار توانای گونجانی لەگەڵ پێویستییەکانی فێربوون لە سەدەی بیست یەك نابێت، چەندین لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی زانستی جەختیان لەسەر گرنگی نوێکردنەوەی پرۆگرامی زمانی کوردی کردووە، بۆئەوەی لەگەڵ ڕەوتی نوێگەریانەی پەروەردەیی و تەکنیکی بەردەوام بێت، ئەنجامی چەندین توێژینەوە ئاماژەیان بە هەبوونی ئاڵنگارییەکانی پەکخستنی پەرەپێدانی ئەو پرۆگرامە دەکەن، لە نێویاندا لێکۆڵینەوەی (أحمد، 2013)، (أحمد، 2021)، لەپاڵ چەندین ڕاسپاردەی لە کۆنگرە زانستییەکانی لە زانکۆ عێراقییەکان بەستراون، وەکو؛ کۆنگرەی زانستی نێودەوڵەتی چوارەم لە کۆلێژی پەروەردە بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان/ زانکۆی بەغدا ساڵی 2016، هەروەها کۆنگرەی زانستی نێودەوڵەتی پێنجەم لە کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد لە ساڵی 20176، کە جەختی کردە سەر پێویستی تێکەڵکردنی ستراتیژە نوێیەکانی وانەوتنەوە لە پرۆسەی فێرکردن.

لەسەر بنەمای ئەو ئاڵنگاریانە پێداچوونە لە شێوازەکانی وانەوتنەوەی زمانی کوردی لە ڕێگای تەبەنیکردنی پرۆگرامەکانی کارلێککردنی پێویستە پشت بەو ستراتیژیانە ببەستێت، کە گونجاوە لەگەڵ کارامەییەکانی سەدەی بیست و یەك، بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجە، پێویستە جەخت

بکرێتە سەر ڕێگا داهێنراوەکانی وانەوتنەوە، وەکو؛ فێربوون بە پرۆژە، فێربوونی هەرەوەزی، بەکارهێنانی تەنکەلۆژیا لە فێرکردن، بۆئەوەی خوێندکاران بتوانن کارامەیی زمانەوانی بە ڕێگای زۆر کار و پاڵنەری بەدەستبهێنن، لەبەرئەوەی پەرەپێدانی ستراتیژییە نوێیەکانی وانەوتنەوە، دەتوانێت ببێتە هەنگاوێك ڕووە و چاکترکردنی ئەنجامی فێرکردن لە زمانی کوردی، هەروەها وابکات گونجاوتر بێت لەگەڵ پێویستەییەکانی داهاتوو، کە بەشداری دەکات لە ئامادەکردنی نەوەیەك، کە توانای ڕووبەڕوو بوونەوەی ئاڵنگارییەکانی سەردەمی ژمارەیی بە لێهاتووی نەرم هەبێت.

**کێشەی توێژینەوەکە:**

توێژەر هەستیە بە بوونی بۆشایی لە نێوان ناوەرۆکی پرۆگرامەکانی زمانی کوردی (بۆ پۆلی چوارەم و پێنجەمی ئامادەیی ئێستا) و نێوان کارامەییە داواکراوەکان کرد، بۆ بەردەوامبوون لەگەڵ کاروانی پێویستییەکانی سەدەی بیست ویەك، وەکو بیرکردنەوەی ڕەخنەیی، قسەکردن، هەرەوەزی، داهێنان، کارامەیی ژمارەیی. تێبینیکرد ئەو پرۆگرامانە ملکەچی نوێکردنەوەی جەوهەری نابن، کە ڕەچاوی ئەو گۆڕانکارییە نوێیانە دەکات، هاوکات کاریگەری نەرێنی لەسەر ئەنجامەکانی فێرکردن دەبێت، هەروەها لە توانستی خوێندکار لە کاروانی ڕووبەڕوو بوونەوەی ئاڵنگارییەکانی سەدرەم دەکات، لێرەوە پێویستی توێژینەوە لە ڕادەی گونجانی ئەو پرۆگرامانە لەگەڵ کارمەرامەییە نوێیەکان دەرکەوت، لەو دەستپێکە، توێژینەوەکە هاتووە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارە سەرەکیەکان بۆ توێژینەوە لە:"ڕادەی گونجاونی پرۆگرامەکانی زمانی کوردی لەگەڵ کارامەییەکانی سەدەی بیست و یەك؟".

**پرسیارە لاوەکییەکانی توێژینەوەکە:**

1. ڕادەی گونجاوی پرۆگرامەکانی زمانی کوردی ئێستا (بۆ پۆلی چوارەم و پێنجەمی ئامادەیی) لەگەڵ کارمەییەکانی سەدەی بیست و یەك؟
2. دیاترین ڕەندی کارمەییەکانی سەدەی بیست و یەك کامەیە، کە ئەو پرۆگرامە پێویستی پێیەتی؟
3. گرنگترین کەمکورییەکان لە پرۆگرامەکانی زمانی کوردی لە ڕووی گەشەپێدانی کارمەییەکانی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی و هەرەوزی و تەکنەلۆژیا کامەیە؟

**گریمانەکانی توێژینەوەکە:**

1. پەیوەندی بە بەڵگەی ئاماری لە نێواتن ناوەرۆکی پرۆگرامەکانی زمانی کوردی و کارمەییەکانی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی و چارەسەرکردنی کێشەکان هەیە.

مجلة إكليل للدراسات الانسانية
التصنيف الورقي: العدد 23 /ايلول/2025
المجلد(6)- العدد(3)-الجزء(3) IASJ-Iraqi Academic Scientific Journals

2. پەیوەندی بە بەڵگەی ئامارییە لە نێوان پرۆگرامەکانی زمانی کوردە و کارمەوییەکانی هەروەزی و کاری بە کۆمەڵ هەیە.

3. پەیوەندی بە بەڵگەی ئاماری لە نێوان پرۆگرامەکانی زمانی کوردی و کارمەیی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا و کارامەیی ژمارەیی هەیە.

**گرنگی توێژینەوەکە:**

گرنگی ئەم توێژینەهیە لە تیشك خستنە سەر واقیعی پرۆگرامەکانی زمانی کوردی و دیاریکردنی ڕادەی وەڵامدانەوەی بۆ پێویستییەکانی سەدەی بیست و یەك بەرجەستە دەبێت، توێژینەوەکە بەشداری لە پەرپێدانی پرۆسەی فێربوون دەکات، لە ڕێگای پێشکەشکردنی ڕاسپاردە، کە بەشداری لە نوێکردنەوە و پەرەپێدانی پرۆگرامەکان بەپێی کارامەییە جیهانییە نوێیەکان دەکات، هەروەها بە سەرچاوەیەك بۆ توێژەران و ئەوانەی گرنگی بە پەرەپێدانی پرۆگرامەکانی پەروەردە دەدەن، بە تایبەتی ئەوانەی باسی پرۆگرامەکانی زمانی کوردی بۆ پۆلی چوارەم و پێنجەمی ئامادەیی لە وەزارەتی پەروەردە دەکەن.

**ئامانجی توێژینەوەکە:**

1. زانینی ڕادەی گونجاوی پرۆگرامەکانی زمانی کوردی لەگەڵ کارامەییەکانی سەدەی بیست و یەك.

2. شیکارکردنی ڕەگەزەکانی پرۆگرامەکانی ئێستا و دیاریکردنی ڕادەی تەواوەتییان لەگەڵ کارامەییە نوێیەکان.

3. پێشکەشکردنی ڕاسپاردە بۆ پەرەپێدانی پرۆگرامەکانی زمانی کوردی، کە لەگەڵ روتی پێویستییەکانی فێربوونی هاوچەرخ دەگونجێت.

**ڕێبازی توێژینەوەکە:**

توێژەر ڕێبازی وەسفی شیکاری بەکارهێناوە، ناوەرۆکی پرۆگرامەکانی زمانی کوردی لە قۆناغی ئامادەیی بۆ پۆلی چوارەم و پێنجەمی ئامادەیی شیکار کردووە، لە ڕێگای ئامرازی زانستی پرۆگرامی، بۆ پێوانی ڕادەی گونجاوی ئەو پرۆگرامانە لەگەڵ کارامەییەکانی سەدەی بیست و یەك. هەروەها توێژەر پشتی بە توێژینەوەی مەیدانی و زانینی دید و بۆچوونی پسپۆڕان و پەروەردەکاران بەستووە.

**تەوەری یەکەم: کارامەییەکانی سەدەی بیست و یەك**

لە سەدەی بیست ویەك، مەعریفە تەنها بە ئامرازی گەیشتن بە ئامانجی دیاریکراو دانانرێت، بەڵکو لە خۆیدا بووە بە ئامانج، بووە بە هۆی گۆڕانی جەوهەری لە ڕۆڵی هەیەك لە مامۆستا و

خوێندکار، لەگەڵ زیادبوونی کاریگەری جیهانگیری و پەرەسەندنی تەکنەلۆژیای نوێ، ئامادەکردنی نەوەی داهاتوو بۆ بەردەوامبوون لە کاروانی گۆڕانەکان بووە بە پێویست، هەروەها بۆ سوودبینین لە مەعریفە بە شێوەیەکی کار بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ئاڵنگارییەکانی داهاتوو، ئەوە پێویستی پەرەپێدانی پرۆگرامەکان و شێوازەکانی بەسەر سیستەمی فێرکردن سەپاند، بۆئەوەی جەخت بکاتە سەر پێدانی کارامەییەکانی سەدەی بیست و یەك بە خوێندکاران، توانای سەرکەوتنیان لە ژیان و گونجان لەگەڵ پێویستییەکانی بازاڕی کاری گۆڕاو پێدەدات.

**باسی یەکەم: چەمکی کارامەیی سەدەی بیست و یەك.**

یەکەم: چەمکی کارامەیی سەدەی بیست و یەك:

پێناسەکردنی کارامەییەکانی سەدەی بیست و یەك، بریتییە لە "شێوازەکانی بیرکردنەوە و کار و کارلێککردن لە ژینگەی بەیەکەوە بەستراوە، پشت بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی پێشکەوتوو دەبەستێت، یارمەتی تاکەکان دەدات، لەسەر تێکەڵبوون لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی سەردەم و سوودبینین لە تەکنەلۆژیای نوێ لە بوارە جیاوازەکانی ژیان. ((Binkley et al, 2011.

هاوکات (الناجم، 22011 ) پێناسەی کردووە، بریتییە لە: کارامەیی کە توانای تاك لەسەر هەڵگرتنی تاکەکەسی و کۆمەڵ دەگرێتەوە، هەروەها گونجان لەگەڵ گۆڕانکارییەکان بە نەرمینواندن و داهێنان، ئەو کارامەییە وادەکات تاك بە کارایی مامەڵە لەگەڵ پەرەسەندنە بەردەوامەکان بکات، لە بوارە جیاوازەکانی ژیان و کاردا".

هەروەها پێناسەی کردووە" کۆمەڵێك لە توانا و شارەزایی لەخۆدەگرێت، کە بەشداری لە بونیادنانی کەسایەتی تاك دەکەن، وەك پێویستییەکانی سەردەم، هەروەها کارامەییەکانی فێربوون و داهێنان و کارامەییەکانی مامەڵەکردن لەگەڵ زانیارییەکان و ڕاگەیاندن دەگرێتەوە، لەگەڵ کارامەییەکانی ژیان و پیشەیی، کە پاڵپشتی توانای تاك لەسەر بڕیاردانی ڕاست دەکات، هەروەها پاڵپشتی کارلێککردن لەگەڵ ژینگەی کار و کۆمەڵگە بە نەرمی و لێهاتووی دەکات". (ترلینج وأخرون، 2013).

توێژەر ڕێکاریانە پێناسەی دەکات، بریتییە لە "کۆمەڵێك کارامەیی و توانای بنەڕەتی کە تاك پێویستییەتی بۆ سەرکەوتن لە سایەی گۆڕانکارییە نوێیەکان، کە کارمەییەکانی فێربوون و داهێنان و ڕۆشنبیریتەکەنەلۆژی دەگرێتەوە، لەپاڵ کارامەییەکانی ژیان و پیشەیی، کە پاڵپشتی توانای تاك دەکات، لەسەر گونجان و کارلێککردن لەگەڵ نوێگەرییەکانی سەردەم و پەرەسەندنەکانە تەکنیکییەکان و کۆمەڵایەتییەکان".

**دووەم: گرنگی كارامەییەكانی سەدەی بیست و یەك:**

بەدەستهێنانی كارامەییەكانی سەدەی بیست و یەك گرنگی زۆری هەیە، بە ئەرێنی لەسەر تاك و چەندین لایەنی بنەڕەتی ڕەنگدەداتەوە. (الحربي وأخرون، 2016).

- ئەو كارامەییانە بەشداری لە بەدیهێنانی ئامانجە بنەڕەتییەكان دەكەن، شارەزایان هەوڵی جێگیركردنی لەلای خوێندكار دەدەن، وادەكات خوێندكاران توانای بەشداریكردنی كارایان لە بازاڕی كار و تێكەڵبوون لە ژیانی شلرستانی هەبێت، هەورەها بەشداربن لە كۆمەڵگە، لە ڕێگای بیركردنەوەیە ڕەخنەیی و چارەسەركردنی كێشەكان بە ڕێگای زانستی.

- پاڵشتی توانای تێگەیشتن لە بابەتەكانی خوێندن دەكات و بەیەكەوەیان دەبەستێتەوە، كە یارمەتی پەرەپێدانی بیركردنەوەی داهێنەران و بونبادنانی چەمكی نوێ دەدات، لە پاڵ پێدانی توانا بە تاكەكان لە كاركردن بە مەعریفە و تەكنەلرژیای نوێ، بۆ بەردەوامبوونی فێربوونی بە درێژایی ژیان.

- ئامادەكردنی تاكەكان بۆ ژیان لە ژینگەیەك پشت بە تەكنەلۆژیای نوێ و ئامرازەكانی ڕاگەیاندنی پەرەسەندو دەبەستێت، زانیارییەكامبە ئاسانی بەردەست بووە، سنوری ڕۆشنبیری و جوگرافی نەماوە، بۆیە پێویستە لەگەڵ ئەو گۆڕانكاریانە بگونجێن.

- لەگەڵ زیادبوونی پیشتبەستان بە سیستەمی جیهانی كراوە، پێویستە تاك كارامەیی بیركردنەوەی ڕەخنەیی و ئاگایی و ئەرێنی هەبێت، لە هەڵسوكەوتكردن لەگەڵ ئەوانی دیكە، هەروەها پاڵپشتی توانای بكات، لەسەر تێكەڵبوون بە كۆمەڵگە جیاوازەكان و بە كارایی كارلێككردن لەگەڵ گۆڕاوەكانی سەردەمەكە بكات.

**باسی سێیەم: پۆلێنكردنی كارامەییەكانی سەدەی بیست و یەك:**

كارامەییەكانی سەدەی بیست ویەك، كۆمەڵێك توانای بنەڕەتی لەخۆدەگرێت، كە تاك ئامادەكات بۆ كاروانی پێویستییەكانی سەردەمی نوێ، گرنگترین كارامەییەكان ئەمانەن:

بیركردنەوەی ڕەخنەیی و چارەسەركردنی كێشەكان: بیركردنەوەی ڕەخنەیی بە كارامەییەكی بنەڕەتی دادەنرێت، كە تاك دەتوانێت شیكاری زانیارییەكان بابەتیانە بكات و بڕیاری پلان بۆدانراو بدات، هەروەها هەڵسوكەوت لەگەڵ كێشەكان بە ڕێگای داهێنراو بكات، هەموو ئەوانە، پێویستی بە توانای هەڵهێنجانی كارا و بیركردنەوەی گشتگیر و هەڵسەنگاندنی دادپەروەرانەییە بۆ زانیارییەكان، لەگەڵ هزی كراوە و سەربەخۆیی بیركردنەوە، هەورەها چارەسەركردنی كێشەكان،

توانای بەیەکەوە بەستنەوەی زانیارییە بڵاوەکان و شیکارکردنیان دەگرێتەوە، بۆ گەیشتن بە چارەسەری لۆژیکی و کارا. (علی، 2021).

کارامەیی قسەکردن و هەروەزی: ئەو کارامەییانە پاڵپشتی توانای تاك لەسەر گوزارشتکردنی بیرۆکەکانیان بە ڕوونی دەکات، چ بە زارەکی یان نووسین لە ڕەوتی جیاواز بێت، هەروەها توانای بەکارهێنانی ئامرازەکان و تەکنەلۆژیای پەیوەندیکردنی جۆراوجۆر بۆ بەدیهێنانی فەرە ئامانجی دەگرێتەوە، وەکو ڕازیکردن و هاندان، بەڵام هەروەزی پێویستیە بە کارکردنەوە لە چوارچێوەی تیمی جۆراوجۆر بە نەرمی و بە ڕێزەوە لەگەڵ ئامادەباشی بۆ پێشکەشکردنی دەستبەرداربوون لە کاتی پێویست، بۆ بەدیهێنانی ئامانجی هاوبەش، هەروەها هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی لە کاری بەکۆمەڵ و ڕێزگرتنی بەشداریکردنی تاك لەخۆدەگرێت، بەوشێوەیە یارمەتی تاك دەدات لەسەر تێپەڕاندنی بەربەستی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ژینگەییەکەی. (أبوليلة، 2020).

بەدیهێنان و داهێنان: بەدیهێنان و داهێنان، دوو ڕەگەزی بنەڕەتین لە بەدیهێنانی پێشکەوتن، خۆیان بە توانتای پەرەپێدانی بیرکەی نوێی بەهادار و پاککردنەوە و شیکارکردنی و چاکترکردنی بە بەردەوامی دەنوێنن، ئەو پرۆسەیە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیان دەگرێتەوە، وەکو گەردەلولی مێشك و کرانەوە لەسەر دید و بۆچوونە جیاوازەکان و هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ شکست، لەسەر ئەو بنەمایەی دەرفەتێکە بۆ فێرکردن، بەدیهانی داهێنان تەنها لەسەوڕ لەدایکبوونی بیرۆکە کوت نابێتەوە، بەڵکو پێویستی بە جێبەجێکردن و نەخشەدانانی پرۆشەکانی لاسایی کێشە واقیعییەکان دەکاتەوە، کە یارمەتی پەرەپێدانی چارەسەر داهێنراوەکان دەدات، کە بەشداری لە گۆڕانی بەجەستە دەکات. (أبو ستة واخرون، 2020).

کارامەیی ڕۆشبیری ژمارەی: کارامەیی ڕۆشنبیری ژمارەیی جەخت دەکاتە سەر توانی خوێندکار لە جیاکاری لە نیوان ڕاستییەکان و زانیاریە زیادەکان و تیگەیشتن لە سەرچاوە جیاوازەکانی بڵاوکردنەوە و تەکنەلۆژیای بەکارهاتوو لە ئەنجامی ناوەڕۆك، ئەو کارامەییانە ئەمانە دەگرێتەوە: (علي، 2021).

- ڕۆشنبیری زانیاری: توانای گەیشتن بە زانیاری بە خێرایی و لێهاتوویی و هەڵسەنگاندن بە ڕێگای ڕەخنەیی دەستەبەردەکات، هەروەها بەکارهێنانی بە وردی و داهێنەرانە، ئەو کارامەیی یارمەتی تاك لەسەر هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ بڕێکی زۆر لە زانایاری بەدەست دەدات، هەروەها جیاکاری لە نێوان سەرچاوەی بڕواپێکراو و پرواپێنەکراو دەکات، ئەوە وادەکات توانای بڕیاردانی بویناندنەرانەی لەسەر ڕاستییە وردەکان هەبێت.

- ڕۆشنبیری ڕاگەیاندن: شیکارکردنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و تێگەیشتنی چۆنایەتی بونیادنانی و درککردنی کاریگەری لەسەر تاك و کۆمەڵ دەگرێتەوە، هەورەها پێویستی بە توانایە لەسەر هەڵسەنگاندنی بەها و دید و تێڕوانینی ناوەرۆکی ڕاگەیاندن لەخۆی دەگرێت، هەروەها زانینی چۆنیەتی جیاوازی شرۆڤەی نامەکان لە کەسێك بۆ کەسێکی دیکە، لەوش زیاتر ڕۆشنبیری ڕاگەیاندن تێگەیشتنی پرسە ئەخلاقییەکان و یاساییە پەیوەستەکان لەخۆدەگرێت، بە بەکارهێنانی ئامرازی ڕاگەیاندن و و تاك توانی بەرهەمهێنانی ناوەرۆکی ڕاگەیاندنی گەنجلوی لەگەڵ ژینگەی ڕۆشنبیری جۆراجۆر هەبێت، لەگەڵ بەکارهێنانی ئامرازەکان و تەکنەلۆژیای گونجاو بە کارایی.

- ڕۆشنبیری تەکنەلۆژیای زانیاری و پەیوەندیکردن: لەگەڵ ئەوەی تەکنەلۆژیا لە نێو نەوی نوێ بڵاوبووەتەوە، بەکارهێنانی کار پێویستی بە ئاراستەکردنی بەردەوامە، ئەو کارامەیی جەخت دەکاتە سەر بەکارهێنانی ئامرازە ژمارەییەکان لە توێژینەوە و ڕێکخستن و هەڵسەنگاندن، هەروەها گەشەپێدانی ئاگایی بە مەترسییەکانی پەیوەستە بە بەکارهێنانی ئامرزەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی، هەروەها درککردنی لایەنی ئەخلاقی پەیوسەت بە گەیشتن بە زانیاریە ژمارەییەکان و هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ داتاکان بە ڕێگایەکی سەلامەت و بەرپرسیارێتی دەگرێتەوە.

- کارامەیی پیشەیی و ژیانی: کۆمەڵێك کارامەیی کەسی و پیشەیی دەگرێتەوە، کە پاڵپشتی توانای کات لەسەر گونجانی لەگەڵ ئاڵنگارییەکانی ژیانی ڕۆژانە و پەرەپێدانی تایبەتمەندییە کەسییەکان دەکات، بۆ بەدیهێنانی ئەنجام لە بوارە جیاوازەکان، ئەو کارامەیی ئەمانە لە خۆدەگرێت: (شلامیش، 2021).

- کارامەیی نەرمینواندن و گەنجاون: ئەو کارامەیی یارمەتی تاك لەسەر گونجان لەگەڵ گۆڕانکارییەکان لە ئامراز و بەرپرسیارێتی و سیاسەت و توانا لەسەر کارکردن بە کارایی لە ژینگەی ناجێگیری گۆڕاو دەدات، هەروەها نەرمینواندن دەگرێتەوە، کە فیدباك و هەڵسوکەوتی ئەرێنی لەگەڵ ڕەخنە و ئاڵنگارییەکان قبوڵ دەکات، هەروەها تێگەیشتن لە دید و بۆچوونە جیاوازەکان و دانوستان بۆ بەدیهێنانی چارەسەری کرداری لەخۆدەگرێت، نەرمنواندن پشت بە درککردن دەبەستێت، هاوکات ڕێگای جیاواز بۆ ئەنجامدانی کار هەیە، هەروەها بە ڕوونی دان بە هەڵە دانان و فێربوونی بەردەوام، دەتوانرێت ئەو کارامەییانە لە ڕێگای بەشداریکردن لە پرۆژە ڕیزبەندکراوە سەختەکان پەرەپێبدرێت، کە خوێندکاران لەسەر گۆڕینی ستراتیژییەکانیان و گونجان لەگەڵ بارودۆخە نوێیەکان هاندەدات.

- کارمەیی دەستپێشخەری و ئاراستەکردنی خود: ئەو کارامەییە پەیوەستە بە توانای تاك لەسەر بەڕێوەبردنی ئامانجەکانیان و کاتییان بە لێهاتووی لە ڕێگای دانانی ئامانجی ڕوون و کورتخایەن و درێژخایەن و بەدیهێنانی هاوسەنگی لە نێوان پلانی ستراتیژی و ئەرکی ڕۆژانە، هەروەها توانایی لەسەر کارکردن بە سەربەخۆیی و دیاریکردنی گرنگەکان و ئەنجامدانی ئەرکەکان بەبێ سەرپەرشتی ڕاستەوخۆ دەگرێتەوە، لەگەڵ پەرەپێدانی فێربوونی خودی و سوودبینین لە شارەزایی پێشوو، بۆ ئاراستەکردنی چاکترکردنی داهاتوو، دەتوانرێت پاڵپشتی ئەو کارامەییانە بکرێت، لە ڕێگای دەستەبەرکردنی ژینگەی فێربوون کە پشتیوانی سەربەخۆیی بکات، هەروەها ڕێکخستنی چالاکییەکان، وەکو نواندنی شانۆیی، ڕۆڵبینین، ڕاهێنانی مەیدانی.

- کارمەیی کۆمەڵایەتی و تێگەیشتن لە فرە ڕۆشنبیری: ئەو کارامەییانە وادەکات تاك توانای هەڵسوکەوتکردن بە کارایی لەگەڵ ئەواندیکە بە شێوازی بەرێز و پیشەیی هەیە، هەروەها کارکردن لە چوارچێوەی تیمی جۆراوجۆر و ڕێزگرتنی ڕۆشنبیری جیاواز، هەروەها توانای وەڵامدانەوە بە کراوەیی بۆ بیرکردنەوە و بەهای جیاواز و سوودبینین لە ڕۆشنبیری جۆراجۆر، بۆ بەرهەمهێنانی بیرۆکەی داهێنەرانە، دەتوانرێت ئەو کارامەییانە لە ڕێگای ژینگەی فێربوون پاڵپشتی بکرێت، کە هانی هەروەڤی و چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان بە ڕێگای ئەرێنی دەدات.

- کارامەیی بەرهەمداری و پرسیارکردن: ئەو کارامەیی پەیوەستە بە کارگێڕی پرۆژەکان و بەدیهێنانی ئامانجەکان، تەنانەت لە ژێر سایەی ئاڵنگارییەکان، وەکو فشار و کێبڕکێ، بە دیاریکراوی گرنگەکان و پلانی کار دەگرێتەهوە، هەروەها جێبەجێکردنی ئەرکەکان لە لێهاتوویی بۆ بەدیهێنانی ئەنجامی دیاریکراو، هەروەها پێویستی بە دەرخستنی پابەندبوونە بە کوالێتی و کاری ئەرێنی و هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی ئەنجامەکە، بەرهەمداری بە پێوەری لێهاتوویی کارکردن دادەنرێت، کە خۆی لە توانای ئەنجامدانی ئەرك لە ڕێگای ماوەی کاتی دیاریکراو لەگەڵ بەدیهێنانی ئاستی باڵا لە کوالێتی دەنوێنێت.

- کارمەیی سەرکردایەتی و بەرپرسیارێتی: ئەو کارامەییە یارمەتی تاك لەسەر کارکردن لە ئەوانی دیکە دەدات، هەروەها ئاراستەکردنیان ڕووە و بەدیهێنانی ئامانجی هاوبەش، بە بەکارهێنانی کارامەیی پەیوەندیکردن و چارەسەرکردنی کێشەکان، هەروەها هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی بە ئاراستەی کۆمەڵگە و ڕەفتاکردن بە ئاگایی بەرانبەر پرسە گشتییەکان و بەرژەوەندی گشتی، هەروەها تاکەکان کارامەیی سەرکردایەتی لە ڕێگای ئەزموون پاڵپشتیکردنی تواناکانیان لەسەر

مجلة إكليل للدراسات الانسانية
التصنيف الورقي: العدد 23 /ايلول/2025
المجلد(6)- العدد(3)-الجزء(3) IASJ-Iraqi Academic Scientific Journals

بەڕێوەبردنی جیاوازییەکان بەدەستدەهێنن، هەروەها بڕیاردان و هاندانی ئەوانی دیکە لەسەر دەستکەوت.

**تەوەری دووەم: و اقیعی پرۆگرامەکانی زمانی کوردی لە سایەی پێویستییەکانی سەدەی بیست ویەك**

پرۆگرامەکانی زمانی کوردی لە چەندین دەزگای پەروەردەیی پشت بە شێوازی وانەوتنەوەی کلاسیکی دەبەستێت، بە تایبەتی پرۆگرامی پۆلی چوارەم و پێنجەمی ئامادەیی، بە شێوەیەکی بنەڕەتی پشت بە ئەزبەرکردن و تەلقین دەبێتێت، لە بری گەشەپێدانی کارامەیی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی و داهێنەرانە، هەروەها پرۆگرامی ئێستا لە زۆربەی حاڵەت پێویستی بە تەواوکاری لەگەڵ تەکنەلۆژیای نوێ هەیە، کە بە توانای پاڵپشتیکردنی کارامەییەکانی گەڕان و دۆزینەوەی خودی لەلای خوێندکار کەم دەکاتەوە، لەگەڵ هەندێك هەوڵ بۆ پەرەپێدانی ئەو پرۆگرامە، بەڵام گۆڕانکاری تاکو ئێستا سنوردارە، ئەوە وایکردووە بەس نەبێت بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی سەردەمی نوێ.

باسی یەکەم: شیکارکردنی پرۆگرامەکانی ئێستا، ڕادەی یەککگرتنی لەگەڵ کارامەییەکانی سەدەی بیست و یەك.

پرۆگرامەکانی ئێستای زمانی کوردی دووچاری کۆمەڵێك ئاڵنگاری بووەتەوە، کە کاریگەری لەسەر لێهاتووی و توانستی وتنەوەی ڕێساکانی زمان دەبێت، هەروەها دەبێتە هۆی دابەزینی ئاستی خوێندکار لە وەرگرتنی ئەو ڕێسایە و کارپێکردنی لە کارامەیە زمانەوانییە جیاوازەکانی، دیارترین ئەو ئاڵنگاریانە شێوازی کلاسیکییە کە ئەو پرۆگرامە پشتی پێ دەبەستێت، بە شێوەیەکی بنەڕەتی جەخت دەکاتە سەر تەلقین و ئەزبەرکردن لە بری تێگەیشتنی قوڵ و پەیڕەوکردنی کردارەکی، پرسی پێشکەشکردنی ڕێسای ڕێزمانی بە خوێندکاران، بریتییە لە کۆمەڵێك ڕێسای تۆکەمە، پێویستە بەبێ بەستنەوەی بە ڕەوتی پەیوەندییەکان ئەزبەر بکرێت، کە دەرفەت بۆ خوێندکاران دەڕەخسێنێت، لە هەڵوێستە جیاوازەکانی ژیانیانی ڕۆژانەیان بەکاریبهێنن. (عاشور و اخرون، 2010).

هەروەها پرۆگرامی ئێستا گرفتاری وشکی ناوەڕۆکی فێرکردنە، هەروەها بەکارنەهێنانی شێوازیە وانەوتنەوەی کارلێککردن، کە گرنگیدانی خوێندکار هاندەدات و لەسەر وەرگرتنی ڕەوان بۆ چەمکە ڕێزمانییەکان یارمەتیان دەدات، هەندێکجار ڕێساکان بە شێوەی دەقی ئەکادیمی وشك و بەتاڵ نموونەی زیندوو و جێبەجێکردنی کرداری پێشکەش دەکات، کەوادەکات خوێندکار

هەست بەوە بکات، ئەو ڕێسایانە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە بەکارهێنانی زمانی ڕۆژانەوە هەیە، هەروەها چالاکی پاشکۆ بۆ ئەو وانانە، زۆربەی جار هەمان شێواز و دووبارەیە، کە جەخت دەکەنە سەر چارەسەرکردنی ڕاهێنانە کلاسیکییە نووسراوەکان، لە بری هانادانی خوێندکارن لەسەر ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی زمانەوانی ڕاستەقینە لە ڕێگای دیالۆگ و گفتوگۆ و نووسینی داهێنەرانە. (علي، 2019).

تەکنەلۆژیا هەروەها ئەو پرۆگرامانە لە پەرەسەندنی تەکنەلۆژیای نوێ گرنگیان پێنادرێت، کە بووە بە بەشێکی بنەڕەتی لە ژینگەی فێربوونی سەردەم، بەڵام سیستەمی فێرکردنی پێشکەوتوو پشت بە تەکنەلۆژیا دەبەستێت، وەکو، فێربوونی ژمارەیی و فرە ئامرازەکان و جێبەجێکردنی کارلێکککردن، دەبینین پرۆگرامەکانی ئێستا بۆ زمانی کوردی، بەشێوەیەکی کارا کار بەو ئامرازانە ناکات، وادەکات پرۆسەی فێرکردن زیاتر کلاسیکی بێت، کەمتر سەرەنجی خوێندکاران رابکێشێت، لەبەر ڕۆشنایی گۆڕانکارییە خێراکانی کە جیهان بەخۆیەوەی بینیوە، کارامەییەکانی سەدەی بیست یەك، وەکو بیرکردنەوەی ڕەخنەیی و چارەسەرکردنی کێشە و پەیوەندی کارای پێویست لە سەرجەم پرۆگرامەکانی خوێندن، لەبەرئەوەی ئەو ڕێگایەی ڕێزمانی بلە پرۆگرامی ئێستا پێ دەکوترێتەوە، لەگەڵ ئەو پرۆگرامە ناڕوات، کە جەخت دەکاتە سەر دەرخستن و تەلقین، لە بری تێگەیشتن و شیکارکردن و جێبەجێکردن. (أحمد، 2016).

هەروەها لە لایەنی دیکە، لاوازی پرۆگرامەکانی ڕەنگەداتەوە، کە نەبوونی تەواکارییە لە نێوان ڕێسا ڕیزمانییەکان و پێکهاتەکانی دیکەی زمانەوانی، لە چەندین حاڵەت واتنەوەی ڕێساکان لەسەر ئەو بنەمایەیە، کە بابەتی سەربەخۆن و نەبەستراونەتەوە بە ناوەڕۆکی خوێندن یان نووسین، ئەوش بووەتە هۆی جیابوونەوەی ڕوون، لە نێوان مەعریفەی تیۆری و بەکارهێنانی کرداری، ئەم جیابوونەوەیە بۆشایی گەورە لە نێوان ئەوەی خوێندکار لە ناو پۆل فێری دەبێت و ئەوەی پێویستی پێیەتی لە هەڵوێستەکانی ژیانی ڕۆژانە کاری پێبکات دروست دەکات، ئەو پرسە وادەکات ڕێساکان لە واقیعی پەیوەندی زمانەوانی، هەروەها هەڵسەنگاندنی بەکارهێنەر لەو پرۆگرامانە بەزۆری پشت بە تاقیکردنەهی نووسینەکی کلاسیکی دەبەستێت، کە ڕادەی ئەزبەرکردنی خوێندکار بۆ زانیارییەکان هەڵدەسەنگێنێت، لە ب ی پێوانی توانای خوێندکار لەسەر جێبەجێکردنی لە هەڵوێستی کرداری. (عطية، 2010).

بەڵام ئەوەی پەیوەستە بە ڕادەی یەکگرتوویی پرۆگرامەکان لەگەڵ کارامەییەکانی سەدەی بیست و یەك، دەتوانین بڵێین: تاکو ئێستا پێویستی بە پەرەپێدانی گەورەترە، بۆئەوەی وابکات

مجلة إكليل للدراسات الانسانية
التصنيف الورقي: العدد 23 /ايلول/2025
المجلد(6)- العدد(3)-الجزء(3) IASJ-Iraqi Academic Scientific Journals

زیاتر لەگەڵ ڕەوتی کارامەییەکان بێت، پرۆگرامە نوێیەکان پێویستە پاڵپشتی توانای خوێندکار لەسەر بیرکردنەوەی ڕەخنەیی و بەرهەمداری بکات، هەورەها دەرفەتی گەشەی کارامەییان لە چارەسەرکردنی کێشەکان بۆ دەستەبەر بکات، هەروەها لەسەر فێربوونی هەرەوەزی لە ڕێگای کاری بە کۆمەڵ و پرۆژەی کارلێیککردن هانیان بدات، لەبەرئەوەی ئەو پرۆگرامانەی ئێستا، تاکو ئێستا پشت بە شێوازی تاکایەتی لە فێربوون دەبەستن، خوێندکار بەبێ ئەوەی ڕۆڵی چالاکی لە پرۆسەی فێربوون هەبێت زانیارییەکان وەردەگرێت، کە توانای لەسەر بیرکردنەوەی داهاتوو و داهێنان سنوردار دەکات.

پرۆگرامەکانی ئێستای زمانی کوردی ڕەنگدانەوەی چەندین ئاڵنگارییە، کە بەدیهێنانی فێربوونی کارا پەکدەخات، هەروەها بەردەوامی ڕێسا ڕێزمانییەکان، تاکو ئێستا پشت بە شێوازی وانەوتنەوەی کلاسیکی دەبەستێت، هەروەها ژینگەی فێرکردنی پاڵنەر بۆ خوێندکاران دەستەبەر ناکات، کە دەرفەتی بەکارهێنانی ڕێسا ڕێزمانییەکانیان بە شێوەی جێبەجێکردن و کرداری بۆ بڕخسێنێت، هەروەها لەگەڵ پێویستییەکانی سەردەمی نوێ ناڕوات، کە پێویستی بە تیکەڵکردنی تەکنەلۆژیا بە فێرکردن و پاڵپشتیکردنی کارامەییەکانی کارلێککردن و داهێنان لەلای خوێندکاران، هەموو ئەو فاکتەرانە وادەکات، دووبارە پێداچوونەوە بە ڕێگانی پێشکەشکردنی ڕێسا ڕێزمانییەکان ببێت بە پرسێکی پێویست، بۆئەوەی زیاتر ببەسترێتەوە بە ڕەوتی پەیوەندی کرداری، کە بەشداری لە چاکترکردنی ئەزموونی فێربوون دەکات، هەروەها وادەکات کارا تر و کاریگەر تر بێت.

**باسی دووەم: گرنگی تێکەڵکردنی کارامەییەکانی سەدەی بیست و یەك بە پرۆگرامەکانی خوێندن.**

پەروەردەکاران ئاماژە بەوە دەکەن، تیکەڵکردنی کارامەییەکانی سەدەی بیست و یەك، بە پرۆگرامەکانی فێرکردن بە شێوەیەکی مەبەستداری پرۆگرامی، بەشداری لە بەدیهێنانی ئامانجی پەروەردەیی پێشبینی نەکراو لەسەر ئاستی کرداری و زانستی دەکات، ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆڵی ناوەندی ئەو کارامەییانە، کەوادەکات خوێندکار توانای فێربوون بە کاریی هەبێت، هەروەها لە بابەتە بنەڕەتییەکانی خوێندن بە ئاستی پێشکەوتوو دەستکەوتی هەبێت، لەگەڵ هەموو ئەوانەدا، ژینگەی فێرکردنی ڕێکخراو دەستەبەر دەکات، کە خوێندکاران لەسەر تیکەڵبوونی کارا لە پرۆسەی فێربوون هاندەدات، پاڵپشتی متمانە بەخۆبوون دەکات، هەروەها چوارچێوەی تەواو بۆ گەشەی پیشەی دەستەبەر دەکات، هاوکات یارمەتی خوێندکاران لەسەر بەدەستهێنانی

کارامەیی داهێنان و سەرکردایەتی کردن و بەشداری کارا لە کۆمەڵگەی سەردەم یارمەتی دەدات. (شلي، 2014).

هەروەها ژمارەیەك لە توێژەران و پسپۆڕان جەختیان لە گرنگی پەرەپێدانی پرۆگرامەکان بۆ گەشەپێدانی توانای خوێندکاران لە چەندین بواری بەیەکەوە بستراو کردووەتوە، کە بە چەمکی " RS3"، بریتییە لە بیرکردنەوەی ((Reasoning)، کارامەیی شیکاری و بیرکردنەوەی ڕەخنەیی و چارەسەر کردنی کێشەکان دەگرێتەوە، هەروەها نەرینواندن((Resilience)، کە کارمەییەکانی ژیان دەستەبەر دەکات، وەکو گونجان و پشت بەستن بە خود، هەروەها بەرپرسیارێتی (Responsibility) پەیوەستە بە جێبەجێکردنی زیرەکی و داهێنان لە پێناوی بەدیهێنانی سوودی گشتی. (سکوت، 2015).

لەسەر ئەو بنەمایە، پێویستە پرۆگرامەکانی سەدەی بیست ویەك ڕەگەزە سەرەکییەکانی تەواو بێت، مەعریفە و بیرکردنەوەی ڕەخنەیی و داهێنان و ڕۆشنبیری ژمارەیی و زانیاری بگرێتەوە، هەورەها ئەزموون و شارەزاییەکانی ژیان بگرێتەوە، کە دەرفەت بۆ خوێندکاران دەرەخسێنێت، ڕووبەڕووی ئاڵنگارییە زانستییەکان و مەعریفەی نوێ ببنەوە، هەروەها نەخشەکێشانی پرۆگرامەکان بە ڕێگایەك بێت پاڵپشتی ئەو کارامەییە بکات و بەشداری لە دروستکردنی ژینگەی فێرکردنی چالاك بکات کە یارمەتی خوێندکاران بدات، لەسەر گەشەپێدانی تواناکانیان لە بیرکردنەوەی ڕەخنەیی و چارەسەرکردنی کێشەکان و هەرەوەزی کارا، کە ئامادەکردنیان بۆ بەدەستهێنانی کارامەیی و مەعریفەی پێویست بۆ سەرکەوتن لە ژیانی پیشەیی داهاتوو دەستەبەر دەکات. (Paige، 2009).

پەرەپێدانی پرۆگرامەکان لەبەر ڕۆشنایی کارمەییەکانی سەدەی بیست و یەك، پێویستە پشت بە پرۆگرامی جەختکردنە سەر قوڵبوونەوە لە ناوەڕۆکی مەعریفی و گەشەپێدانی فرە کارامەیی بەستێت، کە خوێندکاران لەو سەردەمە پێویستیان پێیەتی، لەوانە ڕۆشنبیری دارایی و ڕۆشنبیری ژینگەیی و شارستانی و تەندروستی، لەگەڵ ئاگایی بە پرسە جهانییەکان، بەدەستهێنانی ئەو مەعریفانە، پرسێکی پێویستە بۆ یارمەتیدانی خوێندکاران لەسەر بڕیاردانی دانایانە لە ژیانی پیشەییان، هەروەها بۆ پاڵپشتیکردنی توانیان لەسەر هەڵسوکەوتکردن بە کارایی لەگەڵ کێشە واقیعییەکان.

لە سایەی ئەو گۆڕانکاریانەی جیهان بەخۆیەوەی بینیوە، کارامەییە کلاسیکییەکان پشت بە کاری دەستی دەبەستی ڕۆتینی دەبەستن بەراورد بەو ئەرکانەی پێویستیان بە کارامەیی مەعریفی و

جێبەجێکردنی پێشکەوتووە کەمترە، وەکو بیرکردنەوەی قوڵ و پەیوەندی کارا، ڕاپۆرتە پەروەردەییەکان ئاماژە بەوە دەکەن، سەرکەوتنی ئابووری دەوڵەت، بە شێوەیکی گەورە پشت بە هەبوونی هێزی کاری ڕاهێنراو بە شێوەیکی باش دەبەستێت، بە شێوەیەك لە فێربوون دەڕوانێت، کە وەبەرهێنان داهاتی داهاتوو بەدیدەهێنێت، هەروەها بەرزبوونەوەی ئاستی ڕۆشنبیری و فێرکردن لە هەر کۆمەڵگایەك، بەشداری لە بەدیهێنانی دەستکەوتی ئابووری و کۆمەڵایەتی گەورە دەکات. (ترلينج واخرون، 2013).

هەروەها کارامەییەکانی سەدەی بیست و یەك کار لەسەر گەشەپێدانی توانای خوێندکار بلەگەڵ قەیرانەکان دەکات، هەورەها پاڵپشتی کارلێککردنی ئەرێنیان لەگەڵ کۆمەڵگە و گەشەپێدانی تواناکانیان لەسەر بڕیاردان و هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی دەکات، لەگەڵ پەرەپێدانی کارامەییان لە ڕووبەڕوو بوونەوەی ئاڵنگارییەکانی ژیان و دۆزینەوەی چارەسەر داهێنراو بۆ یان، ئەو کرامەییانە توانای خوینکاران لەسەر هەڵسوکەوتی زیرەکانە لەگەڵ تەکنەلۆژیای نوێ دەکات، کە یارمەتیان لەسەر بەدەستهێنانی ئەو توانایانە دەکات کە پێویستییانە بۆ سەرکەوتن لە ژیانی کەسی و پیشەییان، بە هۆی ئەو گرنگیدانە زۆرە، گەشەپێدانی ئەو کارامەییانە بووە بە بەشیکی بنەڕەتی لە پێشینەکانی فێرکردن لە هەموو قۆناغەکاندا.

لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕێنماییانە، پەرەپێدانی پرۆگرامەکانی زمانی کوردی پێویستییەکی گرنگە، بەڵام لەسەر لایەنی زمانەوانی کلاسێکی کورت نەبێتەوە، بەڵکو بە ڕێگای پاڵپشتیکردنی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی و پەیوەندی کارا، تیکەڵی کارامەییەکانی سەدەی بیست و یەك بکریت، بۆ نموونە پێویستە پرۆگرامەکانی زمانی کوردی، چالاکی و ئەرکی فێرکردنی کارلێککردن لەخۆبگرێت، یارمەتی خوێندکار لەسەر گەشەپێدانی کارامەییەکانیان لە گوزارشتکردنی زارەکی و نووسینەکی بدات، وادەکات خوێندکاران توانای پەیوەندی قسەکردنیان بە ڕوونی و وردەکارییەوە لە ڕەوتە کۆمەڵایەتی و پیشەییە جیاوازەکان هەبێت، هەروەها دەبێت ئەو پرۆگرامانە، ستراتژییەکانی وانەوتنەوەی پەرسەندو بگرێتەوە، کە جەخت دەکاتە سەر شیکاری ڕەخنەیی و بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای ژمارەیی لە فێرکردن و پاڵپشتیکردنی تێگەیشتنی قوڵ بۆ زمان لە ڕێگای پەیڕەوکردنی کرداری، لە بری کورتبوونەوە لەسەر ئەزبەرکردن و تەلقین، هەروەها پاڵپشتی کارامەیی خوێندنەوەی ڕەخنەیی و گوێگرتنی کارا لە پرۆگرامەکانی زمانی کوردی دەکات، لە سایەی تەقینەوەی زانیاری بە پرسێکی پێویست دادەنرێت، کە ئەمرۆ جیهان بە خۆیەی بینیوە، هەروەها لەگەڵ زیادبوونی قەبارەی ناوەڕۆکی ژمارەیی و جۆراوجۆری سەرچاوەکانی زانیاری، خوێندکاران

پێویستیان به کارامەیی پێشکەوتووە لە شیکارکردنی دەقەکان و تێگەیشتن بە ناوەرۆکی و جیاکاریکردن لە نێوان زانیارییە متمانە پێکراوەکان و متمانە پێ نەکراوەکان، هەروەها پەرەپێدانی پرۆگرامەکان بە ڕێگای جەخت کردنە سەر گەشەپێدانی ئەو کارامەییانە، دەتوانێت بەشداری لە ئامادەکردنی نەوەیەك لەسەر هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ ئاڵنکاییە مەعریفییەکان لە سەردەمی ژمارەیی بکات.

**ڕێبازی توێژینەوەی مەیدانی**

**پێشەکی:**

ئامانجی ڕێبازی توێژینەوەکە دیاریکردنی کۆمەڵگەی توێژینەهکە و نموونەکەیەتی، توێژەر شێوازی نموونەی مەبەستەکی لە چوارچێوەی کاتی دیاریکراو بەکارهێناوە، هەروەها ڕاپرسی ئەلیکترۆنی دابەشکردووە، بۆ پێوانی ڕاستگۆیی و جێگیری ڕاپرسییەکە، توێژینەوەکە جەختی کردووەتە سەر پێوانی ڕادەی پرۆگرامی زمانی کوردی بۆ پۆلی چوارەم و پێنجەمی ئامادەیی، لەگەڵ کارامەییەکانی سەدەی بیست و یەك، بە بەکارهێنانی شێوازی لاربوونەوەی سادە (Simple Regression)، بۆ شیکارکردنی کاریگەری گۆڕاوەکان، لە ڕێگای پرۆگرامی SPSS. ئەو بەشەی ڕێکخستووە، بۆ بەدیهێنانی ئامانجی توێژینەوەکە و تاقیکردنەوەی گریمانەکانی بە وردی:

**کۆمەڵگە و نموونەی توێژینەوەکە:**

کۆمەڵگەی توێژینەوە ئەو کەسانەن لە دەستەی وانەوتنەوە لە کەرتی فێرکردن لە ناوچە جیاوازەکانی عێراق کاردەکەن، بە لەبەرچاوگرتنی سەختی کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگەی توێژینەوە، توێژەر پشتی بە شێوازی هەڕەمەکی بەستووە بۆ دیاریکردنی قەبارەی نموونەکە، لە چوراچێوە کاتی توێژینەوەکە، قەبارەکە گەیشتووە بە 107 لەوانەی لە چوارچێوەی دەستەی وانەوتنەوە کاردەکەن.

**شێوازی کۆکردنەوەی داتاکان:**

توێژەر لیستی ڕاپرسی لە ڕێگای ماڵپەڕی Google Drive ئامادەکردووە، هەروەها بەستەرێکی ئەلیکترۆنی بۆ داناوە لە پێگە فەرمییەکان دابەشی کردووە و بڵاوی کردووەتەوە، هەروەها پێگەی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی، 107 لیستی ڕاپرسی کە بەراست وەڵام دراوەتەوە کۆکردووەتەوە.

توێژەر پێوانەی لیکێرتی پێنج خشتەکی likert scale بەکارهێناوە، بە ئامانجی بەکارهێنانی کێشی گێرانەوە بۆ وەڵامەکان ، هەروەها بەدیهێنانی نەرمنواندن لە هەڵسەنگاندنی کێشی ڕێژەیی بۆ هەر

گۆڕاوێك، وەكو دەرزایەكی بنەڕەتیە لە ئاماژەكردن و تاقیكردنەوەی ئاماری بۆ گریمانەكانی شوێنی توێژینەوەی مەیدانین.

**شێوازەكانی شیكاركردنی ئاماری بەركارهاتوو:**

بۆ بەدیهێنانی ئامانجی توێژینەوە و تاقیكردنەوەی گریمانەكان، توێژەر كۆمەڵێك شێوازی ئاماری لە ڕێگای پرۆگرامی SPSS بەكارهێناوە، برینین لە:

1. پێوانەی پشتبەستن بە بەكارهێنانی هەڵگری كرونباخ ئەلفا و هاوكێشەی كوبر، بۆ لێكۆڵینەوە لە جێگیری ئامرازەكانی ڕاپرسی و ڕادەی توانای گشتاندنی ئەنجامەكان.

2. لاری سادە بۆ پیوانی كاریگەری گۆڕاوی سەربەخۆ لەسەر گۆڕاوی پشتبەستوو.

ڕۆستگۆیی دیاردەیی (داوەران): ڕاپرسیيەكەی خستووەتە بەردەستی 9 داوەری پسپۆڕ لە زانكۆ و كۆلێژەكان، بە ئامانجی هەڵسەنگاندنی ڕوونی بڕگەكان و گونجاویان بۆ بواری توێژینەوەكە، هەورەها پێشنیاركردنی هەمواركردنەوەی پێویست. دید و بۆچوونەكانیان لەسەر گونجاوەی بڕگەكان هاوڕایەوە، بەبێ پێویستی هیچ گۆڕانكارییەك یان لادان یان زیادكردن، پشتبەستنەكەی بە دارشتنی كۆتایی ڕێگاپێدراوە بۆ جێبەجێكردنی مەیدانی.

**جێگیری ئامرازەكانی توێژینەوەكە:**

جێبەجێكردنی شێوازی هەڵگرتنی بەیەكەوە بەستنەوەی ئەلفا كرونباخ، بۆ لێكۆڵینەوە لە پلەی جێگیری لەسەر ئاستی سەرجەمی تەوەرەكانی توێژینەوەكە (چوار ڕەهەند بە 20 دەستەواژە)، هەروەها پیش ئەنجامدانی ئەو شیكارییە، تەنها بڕیاری دوورخستنەوەی هەر گۆڕاوێك دراوە كە هەڵگری بەیەكەوە بەستنەوەی سەرجەمی كەمترە لە 0.6 لە نێواتن خۆی گۆڕاوەكانی دیكە لە هەمان پێوەر، ئەووە لە پلەی متمانە كە بڕەكەی 95%، وەكو لە خشتەی خوارەوە ڕوونكراوەتەوە:

خشتەی ژمارە (1)

| ڕەهەندە لاوەكییەكان | ژمارەی بڕگەكانت | هەڵگری كرونباخ Alpha | ئەلفا Cronbach's |
|---|---|---|---|
| ناوەڕۆكی پرۆگرامەكانی زمانی كوردی | 5 | 0.880 | |
| كارامەییەكانی بیركردنەوەی ڕەخنەیی و چارەسەركردنی كێشەكان | 5 | 0.886 | |
| كارامەیی هەرەوەزی و كاری بە كۆمەڵ | 5 | 0.879 | |
| كارامەیی بەكارهێنانی تەكنەلۆژیا و كارامەیی ژمارەیی | 5 | 0.870 | |

| ڕەهەندە لاوەکییەکان | ژمارەی بڕگەکانت | هەڵگری کرونباخ Alpha | ئەلفا Cronbach's |
|---|---|---|---|
| سەرجەمی | 20 | 0.879 | |

ئەنجامی توێژینەوەی پشتبەستن دەریخستووە بەهای هەڵگری ئەلفا کرونباخ گەیشتووە بە 0.879،  ئەوە ئاماژەیە بۆ نمرەی باڵای جێگیری و پشتبەستان بە ئامرازی پێوانە، هەروەها بەڵگەیە لەسەر ڕاپرسییەکە نمرەیەکی گەورەی بەیەکەوە گونجاوی ناخەکی هەیە، کە دەنوانرێت لە شیکارکردن و ئاماری توێژینەوەکە پشتی پێ ببەسترێت.

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی گریمانەکانی توێژینەوەکە، بە بەکارهێنانی لاری سادە:**

توێژەر شێوازی لاری سادەی (Simple Regression) بەکارهێناوە، بۆ شیکارکردنی پەیوەندی نێوان گۆڕاوی سەربەخۆ و گۆڕاوی پشتبەستوو، بە لەبەرچاوگرتنی توانای لەسەر بونیادنانی بەڵگەی لاری و سەرکەوتن بەسەر کێشەی بەیەکەوە بەستنەوەی خودی، شیکارکردن لە ئاستی بەڵگەی 0.05 ئەنجامدراوە بە بەکارهێنانی ڕێگای چوونەناوەوە(Enter)، بە ئامانجی ڕوونکردنەوەی کاریگەری گۆڕاوی سەربەخۆ لەسەر گۆڕاوی پشتبەستوو.

- ئەنجامی تاقیکردنەوەی گریمانەی یەکەم: پەیوەندی بە بەڵگەی ئاماری لە نێوان ناوەڕۆکی پرۆگرامەکانی زمانی کوردی و کارامەییەکانی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی و چارەسەرکردنی کێشەکان هەیە.

- تاقیکردنەوەی گونجاوی نموونە و توانای شرۆڤەکردنی:

خشتەی ژمارە (2) گونجاوی مۆدێلی لاری لە تاقیکردنەوەی پیوەندی کاریگەری لەسەر کارامەییەکانی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی و چارەسەرکردنی کێشەکان وەکو گۆڕاوی پشتبەستوو، بەهای ف گەیشتووە بە 122.90 = لە ئاستی بەڵگەی 0.000، ئەوە کەمترە لە 0.05، ئەوە ئاماژەیە بۆ ئەوەی مۆدێلی ئاماری گونجاو بۆ پێبینیکردنی بەهای گۆڕاوی پشتبەستووە لەسەر بنەمای گۆڕاوی سەربەخۆ.

(شیکارکردنی جیاکاری بۆ گۆڕاوی سەربەخۆ، ناوەڕۆکی پرۆگرامەکانی زمانی کوردی (گۆڕاوی سەربەخۆ) کارامەییەکانی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی و چارەسەر کردنی کێشەکان).

مجلة إكليل للدراسات الانسانية
التصنيف الورقي: العدد 23 /ايلول/2025
المجلد(6)- العدد(3)-الجزء(3) IASJ-Iraqi Academic Scientific Journals

خشتەی ژمارە (2)

| سەرچاوەی جیاکاری | کۆی چوارلایەکان | نمرەی ئازاد | ناوەندی چوارلایەکان | بەهای F | ئاستی واتایی |
|---|---|---|---|---|---|
| لاری | 29.005 | 1 | 29.005 | 122.920 | 0.000 |
| ماوەکان | 24.776 | 105 | 0.236 | | |
| سەرجەم | 53.781 | 106 | | | |

سەرچاوە: (ئەنجامی شیکاری ئاماری)

خشتەی ژمارە (3) دەریدەخات هەڵگری بەیەکەوە بەستنەوەی سادە لە نێوان گۆڕاوی سەربەخۆ و گۆڕاوی پشتبەستوو گەیشتووە بە 0.734، هاوکات هەڵگری دیاریکردن گەیشتووە بە ڕێژەی 0.539، واتای ئەوە گۆڕاوی سەربەخۆ شرۆڤەی 53.9% لە گۆڕاوی هەمووکی لە گۆڕاوی پشتبەستووە، بەڵام ڕێژەی ماوە (46.1%)، ئاماژە بۆ هەڵەی هەڕەمەکی یان بۆ نەبوونی ڕیزبەندی گۆڕاوی سەربەخۆی زیادە لە نموونە.

**هەڵگرەکانی بەیەکەوە بەستنەوە و دیاریکردن بۆ شرۆڤەکردنی و اتایی**

خشتەی ژمارە (3)

| هەڵگری بەیەکەوە بستنەوەی سادە | هەڵگری دیاریکردن | هەڵگری دیاریکردنی ڕێژە |
|---|---|---|
| 0.734 | 0.539 | 0.535 |

سەرچاوە: (ئەنجامی شیکاری ئاماری)

- تاقیکردنەوەی واتایی گۆڕاوی سەربەخۆ.

ئەنجامی ئاماری تاقیکردنەوەکانی ت ( t. test) جەتیکردەوە، وەکو لە خشتەی ژمارە (4) ڕوونکراوەتەوە، گۆڕاوی سەربەخۆ پەیوەستە بە ناوەڕۆکی پرۆگرامەکانی زمانی کوردی، کە کاریگەری واتاییان لەسەر کارمەیەکانی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی و شیکاری کێشەکان هەیە، ئەوە لە ئاستی واتای کەمترە لە (0.05).

خشتەی ژمارە (4)

| نموونە | هەڵگری لاری B | هەڵەی پێوەری Beta | هەڵگری لاری پەیوەری | T(ت) هەژمارکراو | ئاستی واتایی |
|---|---|---|---|---|---|

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| جێگیری | 1.045 | 0.271 | | 3.860 | 0.000 |
| ناوەرۆکی پرۆگرامەکای زمانی کوردی | 0.715 | 0.065 | 0.734 | 11.087 | 0.000 |

- هاوکێشەی نموونە.

- ئەنجامی تاقیکردنەوەی ئاماری پێشوو جەخت لە ڕاستی گریمانەکە دەکات، کە پەیوەندی بە بەڵگەی ئاماریلە نێوان ناوەرۆکی پرۆگرامەکانی زمنی کوردی و کارامەییەکانی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی و چارەسەرکردنی کێشەکاندا هەیە.
- لە ڕێگای هاوکێشەی لاری خوارەوە:

$$Y^{\wedge} = 1.045 + 0.715X$$

ئەنجامی تاقیکردنەوەی گریمانەی دووەم: پەیوەندی بە بەڵگەی ئاماری لە نێوان ناوەرۆکی پرۆگرامەکانی زمانی کوردی و کارامەیی هەروەزی و کاری بە کۆمەڵ هەیە.

لە خشتەی ژمارە (5) گونجاوی نموونەکە لە تاقیکردنەوەی پەیوەندی کاریگەری لەسەر کارامەیی هەروەزی و کاری بەکۆمەڵ، دەردەکەوێت، (وەکو گۆڕاوێکی پشتبەستوو)، کە بەهای ف گەیشتووە بە (262.139)بە ئاستی واتایی (0.000)، ئەوە کەمترە بلە (0.05)، واتای ئەوەیە ئەو مۆدێلە بە گۆڕاوی سەربەخۆی گونجاوە بۆ پێشبینیکردن بە بەهای گۆڕاوی پشتبەستوو.

شیکاری جیاکاری بۆ گۆڕاوی سەربەخۆ، ناوەرۆکی پرۆگرامەکانی زمانی کوردی (گۆڕاوی پشتبەستوو) کارامەیی هەرەوەزی و کاری بە کۆمەڵ.

خشتەی ژمارە (5)

| سەرچاوەی جیاوازی | کۆی چوارلاکان | نمرەی ئازاد | ئاستی چوارلاکان | بەهای F | ئاستی واتایی |
|---|---|---|---|---|---|
| لاری | 38.400 | 1 | 38.400 | 262.139 | 0.000 |
| ماوەکان | 15.381 | 105 | 0.146 | | |
| سەرجەمی | 53.781 | 106 | | | |

سەرچاوە: (ئەنجامی شیکاری ئاماری)

بەڵام ئەوەی پەیوسەتە بە توانای شرۆڤەکردن بۆ ئەو مۆدێلە، ڕوون دەبێتەوە ڕێژەی گۆڕانی هەمووەکی لە گۆڕاوی پشتبەستوو، کە گۆڕاوی سەربەخۆ شرۆڤەی دەکات، خشتەی ژمارە (6) ڕوونی دەکەتاوە، هەڵگری بەیەکەوە بەستنەوەی سادە لە نێوان گۆڕاوی سەربەخۆ و گۆڕاوی پشتبەستوو گەیشتووە بە (0.814)، هەروەها هەڵگری دیاریکرنی ڕاستکراوە گەیشتووە بە

مجلة إكليل للدراسات الانسانية
التصنيف الورقي: العدد 23 /ايلول/2025
المجلد(6)- العدد(3)-الجزء(3) IASJ-Iraqi Academic Scientific Journals

(0.714)، ئەوە گۆڕاوی سەربەخۆ شرۆڤەی بڕی (71.4%) گۆڕاوی هەمووکی لە گۆڕاوی پشتبەستوو دەکات، ڕێژەی ماوە (28.6%)، دەگەڕێتەوە بۆ هەڵەی هەڕەمەکی لە هاوکێشەکە ، یان لەبەر نەبوونی ڕیزبەندی گۆڕاوی سەربەخۆی دیکە، کە پێویست بوو لە چوارچێوەی نموونەکە ڕیزبەندبکرێت، یان لەبەر جیاوازی سروشتی مۆدێلی لاری لە مۆدێلی هەنگاوەکان.

هاوکێشەی بەیکەوە بەستنەوە و دیاریکردنی بۆ شرۆڤەی واتایی.

خشتەی ژمارە (6)

| هەڵگری بەیکەوە بەستنەوەی سادە | هەڵگری دیاریکردن | هەڵگری دیاریکردنی ڕاستکراو |
|---|---|---|
| 0.845 | 0.714 | 0.711 |

سەرچاوە: (ئەنجامی شیکاری ئاماری)

- تاقیکردنەوەی واتایی گۆڕاوی سەربەخۆ.

ئەنجامی ئاماری جەخت لە تاقیکردنەوەی ت(t. test) دەکات، وەکو لە خشتەی ژمارە (7) ڕوونکراوەتەوە، کە گۆڕاوی سەربەخۆ پەیوەستە بە ناوەڕۆکی پرۆگرامەکانی زمانی کوردی کە کاریگەری واتایی لەسەر کارامەیی هەرووەزی و کاری بە کۆمەڵ هەیە، ئەوە لە ئاستی واتای کەمترە لە (0.05).

خشتەی ژمارە (7)

| نموونەکە | هەڵگری لاری B | هەڵەی پێوەری Beta | هەڵگری لاری پێوەری | (ت)T هەژمارکراو | ئاستی واتایی |
|---|---|---|---|---|---|
| جێگیری | 0.733 | 0.205 | | 3.569 | 0.001 |
| ناوەڕکی پرۆگرامەکانی زمانی کوردی | 0.802 | 0.050 | 0.845 | 16.191 | 0.000 |

سەرچاوە: (ئەنجامی شیکاری ئاماری)

- هاوکێشەی نموونەکە:

- ئەنجامی تاقیکردنەوە ئامارییەکانی پێشوو جەخت لەسەر ڕاستی گریمانەکە دەکەن، کە پەیوەندی بە بەڵگەی ئاماری لە نێوان ناوەڕۆکی پرۆگرامەکانی زمانی کوردی و کارامەیەکانی هەرووەزی و کاری بە کۆمەڵ هەیە.
- لە ڕێگای هاوکێشەی لاری خوارەوە:

$$Y^{\wedge} = 0.733 + 0.802$$

ئەنجامی تاقیکردنەوەی گریمانەی سێیەم: پەیوەندی بە بەڵگەی ئاماری لە نێوان ناوەڕۆکی پرۆگرامەکانی زمانی کوردی و کارامەییەکانی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا و کارامەییە ژمارەییەکان هەیە.

تاقیکردنەوەی گونجاوی نموونە و توانای شرۆڤەکردنی:

خشتەی ژمارە (8) گونجاوی نموونەکە لە تاقیکردنەوەی پەیوەندی کاریگەری لەسەر چاکترکردنی کوالێتی خزمەتگوزاری تەندروستی ڕوون دەکاتەوە، (وەکو گۆڕاوی پشتبەستوو)، کە بەهای ف گەیشتووە بە (318.745) بە ئاستی واتایی (0.000)، ئەوە کەمترە لە (0.05)، واتای ئەوەیە ئەو مۆدێلە بە گۆڕاوی سەربەخۆ گونجاوە بۆ پێشبینیکردنی بەهای گۆڕاوی پشتبەستوو.

(شیکاری جیاوازی بۆ گۆڕاوی سەربەخۆی ناوەڕۆکی پرۆگرامەکانی زمانی کوردی (گۆڕاوی پشتبەستوو) کارامەییەکانی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا و کارامەییە ژمارەییەکان).

خشتەی ژمارە (8)

| سەرچاوەی جیاوازی | کۆی چوارلاکان | نمرەی ئازاد | ناوەندی چوارلاکان | بەهای F | ئاستی واتایی |
|---|---|---|---|---|---|
| لاری | 40.454 | 1 | 40.454 | 318.745 | 0.000 |
| ماوەکان | 13.326 | 105 | 0.127 | | |
| سەرجەم | 53.781 | 106 | | | |

سەرچاوە: (ئەنجامی شیکاری ئامرای)

بەڵام ئەوەی پەیوسەتە بە توانای شرۆڤەکردنی ئەو مۆدێلە، ڕێژەی گۆڕانی هەمووکی لە گۆڕاوی پشتبەستوو ڕوون دەکاتەوە، کە گۆڕاوی سەربەخۆ شرۆڤە دەکات، خشتەی ژمارە (9) ڕوونی دەکاتەوە، هەڵگری بەیەکەوە بەستنەوەی سادە لە نێوان گۆڕاوی سەربەخۆ و گۆڕاوی پشتبەستوو گەیشتووە بە (0.867)، هەروەها هەڵگری دیاریکردنی ڕاستکراوە گەیشتووە بە (0.752)،کەواتە گۆڕاوی سەرەبەخۆ شرۆڤەی بڕی (75.2%) لە گۆڕاوی هەمووکی لە گۆڕاوی پشتبەستوو دەکات، ڕێژەی ماوەی (24.8%)، دەگەڕێتەوە بۆ هەڵەی هەرەمەکی لە هاوکێشەکە، یان لەوانەیە لەبەر نەبوونی ڕێزبەندکردنی گۆڕاوی سەربەخۆی دیکە بێت، کە پێویست بوو لە چوارچێوەی نموونەکە ڕیزبەندبکرێت، یان بە جیاوازلە سروشتی مۆدێلی لاری لە مۆدێلی هەنگاوەکان .

هەڵگری بەیەکەوە بەستنەوە و دیاریکردن بۆ شرۆڤەی واتایی.

خشتەی ژماری (9)

| هەڵگری بەیەکەوە بەستنەوەی سادە | هەڵگری دیاریکردن | هەڵگری دیاریکردنی ڕاستکراوە |
| --- | --- | --- |
| 0.867 | 0.752 | 0.750 |

سەرچاوە: (ئەنجامی شیکاری ئاماری)

- تاقیکردنەوەی واتای گۆڕاوی سەربەخۆ.

ئەنجامی ئاماری بۆ تاقیکردنەوە ت (t. test) خەختیکردووەتەوە، وەکو لە خشتەی ژمارە (10) روونکراوەتەوە، کە گۆڕاوی سەربەخۆ پەیوەستە بە ناوەڕۆکی پرۆگرامەکانی زمانی کوردی کە کاریگەری واتایی لەسەر ت کارامەیی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا و کارامەیی ژمارەییەکان هەیە، ئەو لە ئاستی واتای کەمترە لە (0.05).

خشتەی ژمارە (10)

| مۆدێل | هەڵگری لاری B | هەڵەی پێوەری Beta | هەڵگری لاری پێوەری | T(ت) هەژمارکراو | ئاستی واتایی |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| جێگیری | 0.887 | 0.178 | | 4.984 | 0.000 |
| ناوەڕۆکی پرۆگرامەکانی زمانی کوردی | 0.781 | 0.044 | 0.867 | 17.853 | 0.000 |

سەرچاوە: (ئەنجامی شیکاری ئاماری)

- هاوکێشەی مۆدێلەکە.

- ئەنجامی تاقیکردنەوەی ئاماری پێشوو جەت لە ڕاستی گریمانەکە دەکات، کە پەیوەندی بە بەڵگەی ئاماری لە نێوان ناوەڕۆکی پرۆگرامەکانی زمانی کوردی و کارامەیی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا و کارامەیی ژمارەی هەیە.
- لە ڕێگای هاوکێشەی لاری خوارەوە:-

$$\hat{Y} = 0.887 + 0.781x$$

**پوختەی ئەنجامی توێژینەوە مەیدانییەکە:**

- ئەنجامی توێژینەوە مەیدانییەکە ئاگایی و درککردنی نموونەی توێژینەوەکەی سەبارەت بە ئاراستەی ڕادەی گونجاوی پرۆگرامەکانی خوێندنی زمانی کوردی لەگەڵ کارامەییەکانی سەدەی بیست و یەك دەرخست.

- کاریگەری ناوەڕۆکی پرۆگرامەکانی خوێندنی زمانی کوردی هەیە، هەروەها بە ڕێژەی 71.5% لە چاکترکردنی کارامەییەکانی ڕەخنەیی و چارەسەرکردنی کێشەکان دەگۆڕێت.
- کاریگەری واتایی بۆ ناوەڕکی پرۆگرامەکانی خوێندنی زمانی کوردی هەیە، بە ڕێژەی 80.2% لە چاکترکردنی کارامەییەکانی هەرەوەزی و کاری بە کۆمەڵ دەگۆڕێت.
- کاریگەری واتایی بۆ ناوەڕۆکی پرۆگرامەکانی خوێندنی زمانی کوردی هەیە، بەڕێژەی 78.1% لە چاکترکردنی کارامەیەیکانی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا و کارامەییە ژمارەییەکان دەگۆڕێت.

**کۆتایی:**

پەرەپێدانی پرۆگرامەکانی زمانی کوردی لەگەڵ ڕەوتی کارامەییەکانی سەدەی بیست ویەك دەگونجێت، پرسێکی زۆر پێویستە بۆ چاکترکردنی کوالێتی فێرکردن و پاڵپشتیکردنی ئامادەیی خوێندکار بۆ پێویستییەکانی سەردەمی ژمارەیی. توێژینەوەکە دەریخستووە، پشتبەستان بە شێوازی کلاسیکی لە فێرکردن گەشەی کارامەییەکانی بیرکردنەوە و داهێنان و قسەکردن پەکدەخات، هەروەها توانای خوێندکار لەسەر کارلێککردن لەگەڵ واقیعی گۆڕاو لاواز دەکات، توێژینەوەکە گەیشتووە بە کۆمەڵێك ئەنجام و ڕاسپاردە، بریتین لە:

**یەکەم: ئەنجامەکان:**

1. پیشتبەستانی زیادەڕۆیی بە ئەزبەرکردن و دەرخستن، لەگەڵ نەبوونی گەشەپێدانی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی و شیکاری.
2. کەمی چالاکی کارلێککردن، کە پاڵپشتی داهێنان و بەکارهێنانی زمان لە هەلۆیستە ئاڵۆزەکانی ژیان دەکات.
3. نەبوونی تێکەڵکردنی کارامەییە ژمارەییەکان و زانیارییەکان لە چوارچێوەی ناوەڕۆکی پرۆگرمەکان.
4. کارنەکردن بە ستراتیژییەکانی وانەوتنەوەی نوێ، وەکو فێرکردن بە پرۆژە یان چارەسەرکردنی کێشەکان.

**دووەم: ڕاسپاردەکان:**

1. دووبارە کردنەوەی نەخشەی پرۆگرامەکانی زمانی کوردی بۆ پۆلەکانی چوارەم و پێنجەمی ئامادەیی، بۆئەوەی جەخت بکاتە سەر گەشەپێدانی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی و شیکاری و چارەسەرکردنی کێشەکان، لە بری پشتبەستان بە ئەزبەرکردن و دەرخستن.

2. تێخستنی ئامرازەکانی فێرکردنی ژمارەیی و پێگەکانی کارلێککردن لە وتنەوەی زمانی کوردی، وەکو جێبەجێکردنی فێرکردن و بەشی گریمانەیی و فێربوونی تیکەڵ بۆ پاڵپشتیکردنی خوێندکاران و ناوەڕۆکی فێرکردن.

3- ڕاهێنانی مامۆستایان لەسەر بەکارهێنانی ستراتیجییەکانی وانەوتنەوەی نوێ، وەکو فێربوون لەسەر پرۆژە و فێربوونی هەرەوەزی و فێربوون لەسەر بەش بەش کردن، کە یارمەتی گەشەپێدانی کارامەییەکانی سەدەی بیست و یەك لەلای خوێندکاران دەکات.

**سەرچاوەکان:**


1. علي، إيمان سلامة محمود، (2022)، " المناهج الدراسية ومهارات القرن الحادي والعشرين"، مجلة العلوم التربوية، 29(1)، 123-140.
2. احمد، مهاباد عبد الكريم، (2022)، "اثر استخدام استراتيجية التلخيص والتجميع باستخدام حرف T)) كمدخل للتدريس في تحصيل طالبات الصف الخامس العلمي في مادة قواعد اللغة الكردية"، 49(2)، 455-474.
3. احمد، مهاباد عبد الكريم، (2013)، "اثر طريقة حل المشكلات في تحصيل قواعد اللغة الكردية لدى طالبات الصف الرابع العلمي"، مجلة كلية التربية للبنات، مج 24.
4. احمد، مهاباد عبد الكريم، (2021)، "اثر دورة التعلم المعدلة في اكتساب المفاهيم النحوية لدى طالبات الصف الخامس الأدبي في مادة قواعد اللغة الكردية"، مجلة كلية الآداب، ع 129.
5. الناجم، محمد عبد العزيز، (2012)، "تقويم مناهج العلوم الشرعية بالمرحلة الثانوية من وجهة نظر المعلمين في ضوء مهارات القرن الحادي والعشرين"، مج 130، ع 3.
6. ترلنيج، بيرنيوفادل، تشارلز، (2013)، "مهارات القرن الحادي والعشرين التعلم والحياة في زمننا"، ترجمة: بدر الصالح، ط1، الرياض، جامعة الملك سعود.
7. الحربي، عبد الله بن عبد الكريم؛ والجبر، جبر بن محمد، (2016)، "وعي معلمي العلوم بالمرحلة الابتدائية في محافظة الرس بمهارات القرن الحادي والعشرين"، كلية التربية، جامعة القصيم، السعودية.
8. أبو ستة، فريال عبده؛ حميدة، شيماء سمير أنور، (2020)، " برنامج مقترح قائم على المعايير المهنية العالمية لتنمية مهارات القرن الحادي والعشرين لدى طلاب شعبة الرياضيات بكلية التربية"، جامعة دمياط، كلية التربية.
9. أبوليلة، هبة محمود عزت، (2020)، " برنامج معرفي سلوكي لمرشد المعلم في ضوء مهارات القرن الحادي والعشرين وفاعليته في تنمية الأداء التدريسي لمعلمي العلوم بالمرحلة الأساسية"، مجلة كلية التربية جامعة عين شمس، العدد 44.
10. شلاميش، لؤي عبد الكريم عمر، (2021)، " درجة وعي مديري ومعلمي المدارس المهنية بمهارات القرن الحادي والعشرين في محافظات شمال الضفة الغربية من وجهة نظرهم أنفسهم"، جامعة النجاح الوطنية، كلية الدراسات العليا.

11. عاشور، راتب قاسم؛ محمد، فؤاد الحوامدة، (2010)، "أساليب تدريس اللغة العربية بين النظرية والتطبيق"، ط3، دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة، عمان.
12. علي، ژيان عبد الكريم، (2019)، "أثر الانموذج الانتقائي في اكتساب مفاهيم قواعد اللغة الكردية لدى طالبات الصف الثامن الأساسي"، مجلة كلية التربية للبنات - جامعة بغداد، مج 30، ع 4.
13. سكوت، سينتيا، (2015)، "مستقبل التعلم أي نوع من التعلم في القرن الحادي والعشرين"، سلسلة دكتور اخي بس تاريخ بدء جمع سامبلات من ١/١٠/٢٠٢٤ ولغايه ١/٤/٢٠٢٥ عمل بحث ونظرة استشرافية بشأن التعليم، ترجمة منظمة اليونسكو، باريس منظمة اليونسكو.
14. شلبي، نوال محمد، (2014)، "إطار مقترح لدمج مهارات القرن الحادي والعشرين في مناهج العلوم بالتعليم الأساسي في مصر"، المجلة الدولية التربوية المتخصصة، 3(10)، 1- 30.
15- Binkley, M., Erstad, O., Herman, J., Raizen, S., Ripley, M., & Rumble, M. (2011). Defining 21st century skills, draft white paper. Melbourne, Australia: University of Melbourne.
16- Paige, J. (2009). The 21st century skills movement. Educational Leadership. 9(67). 11-11.

مجلة إكليل للدراسات الانسانية
التصنيف الورقي: العدد 23 /إيلول/2025
المجلد(6)- العدد(3)-الجزء(3) IASJ-Iraqi Academic Scientific Journals

# Analyzing the extent to which Kurdish language curricula are compatible with 21st century skills

**Summary:**

The study aimed to identify the extent to which Kurdish language curricula are compatible with 21st-century skills, analyze the components of current curricula, and determine their integration with modern skills. as the researcher analyzed the content of Kurdish language curricula for the fourth and fifth grades of middle school in the Iraqi Ministry of Education. The researcher analyzed the content of Kurdish language curricula at various educational levels. The researcher prepared a questionnaire and created an electronic link for it. This link was distributed and published on official websites. The questionnaire was presented to a group of nine referees, specialists from universities and colleges, who expressed their opinions on the appropriateness, clarity, and formulation of each paragraph and its relevance to the field to which it pertains. The results of the field study revealed the awareness and perception of the study sample regarding the compatibility of Kurdish language curricula with 21st-century skills. The study concluded that there is a significant effect of the content of Kurdish language curricula, with a change of 71.5%, on improving critical thinking and problem-solving skills. The study also concluded that there is a significant effect of the content of Kurdish language curricula, with a change of 80.2%, on improving cooperation and teamwork skills. The Kurdish language curriculum improved by 78.1% in improving technology and digital skills. The study recommended redesigning Kurdish language curricula to focus on developing critical thinking, analysis, and problem-solving skills, rather than relying on rote memorization.

مجلة إكليل للدراسات الانسانية
التصنيف الورقي: العدد 23 /ايلول/2025
المجلد(6)-العدد(3)-الجزء(3) IASJ-Iraqi Academic Scientific Journals

# تحليل مدى توافق مناهج اللغة الكردية في المرحلة الإعدادية مع متطلبات مهارات القرن الحادي والعشرين في ضوء الواقع التربوي

م.م. علاء حبيب لطيف جاسم
كلية التربية المقداد – جامعة ديالى
Gmail alaah.muq@uodiyala.edu.iq

**الكلمات المفتاحية:** مناهج، اللغة الكردية، مهارات القرن الحادى والعشرين، التفكير النقدى، حل المشكلات

**الملخص:**

هدف البحث الى التعرف على مدى توافق مناهج اللغة الكردية مع مهارات القرن الحادى والعشرين، وتحليل عناصر المناهج الحالية وتحديد مدى تكاملها مع المهارات الحديثة، واتبعت الدراسة المنهج الوصفى التحليلي، حيث قام الباحث بتحليل محتوى مناهج اللغة الكردية للصف الرابع والخامس الاعدادي في وزارة التربية العراقية، فقام الباحث بإعداد قائمة الاستبيان وعمل لها رابط الكتروني وتم توزيع ونشر هذا الرابط على المواقع الرسمية وتم عرض الاستبانة على مجموعة من المحكمين بلغ عددهم 9 من المختصين فى الجامعات والكليات لإبداء أرائهم حول ملاءمة ووضوح وصياغة كل فقرة ومدى مناسبتها للمجال الذي تنتمى اليه، وخلصت نتائج الدراسة الميدانية عن وعي وادراك عينة الدراسة تجاه مدى توافق المناهج الدراسية للغة الكردية مع مهارات القرن الحادي والعشرين، وانه يوجد اثر معنوى لمحتوى المناهج الدراسية للغة الكردية ويتغير بنسبة 71,5% فى تحسين مهارات التفكير النقدر وحل المشكلات، وانه يوجد اثر معنوى لمحتوى المناهج الدراسية للغة الكردية ويتغير بنسبة 80.2% فى تحسين مهارات التعاون والعمل الجماعي، وانه يوجد اثر معنوى لمحتوى المناهج الدراسية للغة الكردية يوتغير بنسبة 78,1% فى تحسين مهارات استخدام التكنولوجيا والمهارات الرقمية، واوصت الدراسة بضرورة اعادة تصميم مناهج اللغة الكردية بحيث تركز على تنمية مهارات التفكير النقدى والتحليل وحل المشكلات بدلاً من الاعتماد على الحفظ والاستظهار.